# رابردووەمان لە نمایشی مۆزەخانەیەکدا

سازدانی:شاخوان عبدوللا




پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر بەشی هونەری شانۆ شانۆگەری ( مۆزەخانە ) لە ئامادەکردنی و دەرهێنانی هونەرمەند ( مەحەمەد جەمیل )ئەم نمایشە لە ڕۆژانی 5_2/6/ 2006 لەسەر تەختەی شانۆی پەیمانگا نمایشکرا. ژمارەییەکی بەرچاو لە لە هونەرمەندان و بینەران ئامادەییی نمایشەکە بوون.بۆ زیاتر روونکردنەوە لە شانۆگەری مۆزەخانە سەرەتا بە باشمانزانی لەگەڵ چەند هونەرمەندێك و بینەران بهنرێتە ئاخاوتن

د.فازل جاف ووتی :ئەم کارە کارێکی جوان بوو بێگومان زۆر لایەنی باشی هەیە هەندێك کەموو کوریشی تێدا بە دی دکرا زیاتر رەنگە کاری تەکنیکی یارمەتی نە دا بوو بەلام بێگومان چالاکی ئەکتەرەکان و کاری ریجسۆر دیارە لە جوانی کارەکەیە وەهەروەها گرنگترین شت لو کارەییە رتمی شانۆگەرییکە بە باشی ئەڕۆیی لە لایەنی ئامادەکردنی دەقەکەدا لە چەند هەلبەستێك و چەند تێکستێکدا ئەوەش بۆ خۆی تجروبەیی‌کی باشە ڕەنگە لە هەندێ شوێن رەمزەکان زۆر ئاشکرا بن ئەوا رەخنەی بێت

www.kurdistannet.org

لەم کارە کە ئەبوایە لە هەندێ شوێن کاتێك کە کسێك دێنی جلەکانی هەموو خوێنە شمشێرێکی بە دەستەوەیە زانیمان خوێن رێژە ئیتر پێویست ناکات شمشێرەکەی بلێسێتەوەبەلام لەگەلْ ئەوشا لە بەکارهێنانی رمز گەلێك جار ریجسۆر کاری بۆ کردبوو



مەحمود زامدار ووتی:ئەم شانۆ گەرییە لە دوولایەوە سەرسامی کردم یەك ئەم هەموو تواناو بەهرجوانانەی کە لە ئامۆژگای هونەرە جوانەکان هەیە بە تایبەتی ئەو کچە پڕ لە زاتو جورئەتانەی کە زۆر ئازایانەو بە چاکی دەوری خۆیان بینی دووەمیش دەرهێنەر مەحەمەد جەمیل بە ڕاستی کوڕێکە خەم خۆری گەورەی شانۆییە فەنتازیاییکی زۆر گەورەی پێیە بۆ مەسەلەی بەرەو پێش بردنی شانۆ بە تایبەتی شانۆی لاوان کە بەراستی خۆیی لە خۆیدا مژدەییکی گەورەییە بۆ ئەوەی دلنیا بین لەوەی کە لاوانی ئەمڕۆ روویان لە جواني و هونەرو داهێنان کردووە.

بارزان مەحەمەد ووتی : ئەم کارەی ئەمڕۆ بینیمان یەکێکە لە کارە هەرە جوانەکانی پەیمانگا بەلام ئەم کارەیان زیاتر سەرسامی کردووم لە رووی دەرهێنانەوە فەنتازیاییەکە جوانی تێدا بوو کارەکەی متکامل بوو لە زۆر رووەوە بەلام لە هەندێ حالەتدا هاتن و

جوونە دەرەوەی کەسایەتیەکان زۆر بوون ئەمش هۆیەکەی بۆ ئەوە ئەگەرێتەوە هۆلەکەی شیاو نەبیت بەلام ئەمە نەبوە هۆی ناشرین کردنی کارەکە بە گشتی جەوێکی زۆر جوانی درووست کردبوو کۆمەلێك وێنە جوان کە بە جدی ئەم وێنانە ماناو دەلالەتی زۆری هەبوو هەر دالێك لەم شانۆگەرییە کۆمەلە مدلوولێکی لای بینەر درووست کردبوو خوێند نەوەیەکی قولّی لای بینەر درووست کردبوو زۆر کەس لێرەو لە وێ ئەلێن هولێر کاری جوانی تێدا ناکرێت بە لام مامۆستا مەحەمەد جەمیل و دەیانی وەکو ئەو دەسەلمێنن کە ئیشی جوان و پڕ لە ئەفراندن دەکەن بە هیوای سەرکەوتن .



شهرام نامق ووتی :من ئێستا گەیشتوومە ئەو قناعەتەی دوای ئەوەی من ئیشێکم کرد ئەو قۆناغەی ئێمە تیدا ئەژین پێویستە هونەر بۆ خەلك بێت نەك هونەر بۆ هونەر دەکرێت بکرێت بەلام ئەمە بۆ نوخبەیك ئەکرێت سەرەرای ئەم هەموو کەموو کورییە دستیان خۆش بێت جونکە ئەمە هونەرێکی ناوخۆییە جیهانی نیە بە پێی بیر کردنەوەی ئەو خەلکەیە زۆرترین خەلك زۆرترین چەپلە لیّ ئەدرێت هەموو کارێك هیلاکی پێوە

دیــاره بــه‌لام لــه رووی ته‌كنیكــه‌وه‌ی كــه‌موو كــوڕییكی زۆری تیــا بــوو كــه توشــی مه‌لــه‌لی ئه‌كردیت به‌ربونه‌وه‌یكی زۆری تیا بوو ده‌كرا هه‌ر جـاره‌و به شێوه‌یه‌ك بوایه لـه سـه‌ره‌تای هـه‌ر شـانۆگه‌رییك زه‌ربه‌یـه‌ك هه‌یـه بـۆ ئـه‌وه‌ی راتكێـشێت ئـه‌و زه‌ربه‌یـه نبینـی ئه‌مـه‌ش بینه‌ری رانه‌دكێشا به لام دوو سێ ساتی جانی تێدا بوو وه هه‌روه‌ها ئـه‌م ئیشه باگراونـدی ئیشه‌كانی تری بـوو ئـه‌و ئه‌كتـه‌ره‌ی بوبـوه سـه‌گ لـه نمایشی ئـه‌و پیاوانـه‌ی بـوون بـه سـه‌گ هه‌ببوو له‌گه‌ڵ دیمه‌نی دیمه‌نی كچه‌كان ئه‌رۆیشتن و به‌ر ئه‌بوونه‌وه له چۆله‌كه‌یه‌ك له تـاو ئازاره‌كانی سه‌ما ئه كات وه‌ری گرتبوو كه له‌وێ ده‌رهێنه‌ر كاری رووناكی ئه‌كرد .

وه‌هه‌روه‌ها جه‌ند به‌شدار بوویه‌ك له نمایشه‌كه هاتنه ئاخاوتن سه‌ره‌تا

زه‌ردشت جه‌لال :نزیكه‌ی جوار منگه پرۆڤه ئه‌كه‌ین ئیتر نـازانین بینـه‌ر جـۆن لیًمـان رازی ئـه‌بێت مـن ده‌وری جـه‌لادم هـه‌ببوو جـه‌لاد ئـه‌و كه‌سـه‌یه كـه ده‌سـه‌لاتی خـۆی لـه پێنـاو بچووكتر حوكم ئه‌كات به‌لام له دوایشدا نشتمان سه‌ركه‌وت به سه‌ر جه‌لاده وه‌هه‌روه‌ها ئه‌م كاره‌ی ئێمه زۆر به ڕمز ئاسا كاری له سه‌ر كرابوو

ئه‌زوه‌ر ئبراهیم ووتی: ده‌ست خۆشی زۆر له ده‌رهێنه ئه‌كه‌م چونكه ده‌رهێنـه‌ر شتی تـازه‌ی لـه شـانۆدا فێركـردم وای كـرد ته‌ختـه‌ی شـانۆ مـاچ كـه‌م ئه‌مه نزیكـه‌ی چـوار مـانگو نیـوه پرۆڤه‌مان تێدا كرد وا بزانم كارێكی جوان مان كرد

ده‌رهێنه‌ری شانۆگه‌ری ( مۆزه‌خانه ) مامۆستا ( مه‌حه‌مه‌د جمیل ) به‌م شێوه‌یه ووتی :

سه‌ره‌تـایی درووست بوونی ئه‌م ده‌قه بیرۆكه‌یه‌ك سه‌ری هه‌ڵدا لـه لامـان هه‌وڵمـاندا ئیشی لـه سه‌ر بكه‌ین لـه سه‌ره‌تادا بۆ جوان كاری ده‌قه‌كه سوودمان له قه‌سیده‌كانی به‌ختیار

www.kurdistannet.org

عـەلی و قوبـادی جـەلیل زادە و دلاوەر قـەرەداغی و رەفیـق سـابیر کـە ئـەم تێکـستەمان لێپێکهێنـا ئێمـە ئیـشمان لـە حالـەتی ئاسـۆیی کـرد لـە رووی حپکـەی درامییـەوە ئەمـە شێوازێکە لـە شێوازی نووسین کە بتـەویّ تەولیـدی درامی تێدا بکـەیت کە بە شێوەیکی ئاسۆیی بابەتەکان لە دوای یەکدا ئەروات نەك بابەتەکان کۆدەتای درامی تێدا کەشف بکرێت بەلکو لە رێگای وێنەوە هەوڵماندا بگەین بە حالـەتی کۆتـایی کۆدەتـای درامی وە دەنا هومووبابە تەکان لە بازنەیکداکۆکرابوونەوە تـا لـووتکەی کۆتـایی . ئەم قسیدانەش لە پێناو سەر کەوتنی ئیشەکە کارم تێدا کردووە .هەر دیالۆگێك وێنەیەك لـە پشتیەوە بـوو لە خۆوە نە دەگوترا جەند جوولەییەك لە پێناو یەك دیالۆگ هەبوو ئەمەش بە بۆ چوونی خـۆم بـە قـازانجی کارەکـە ئەگەڕاییـەوە وە هـەروەها ئـەم کـارە بەرهـەمی پیمانگایـە وەك مولـك و وەك قووتـابی و مامۆستـا بـەلام سـەبارەت بـە یارمـەتی کـەس یارمـەتی نـە داوین تـەنها بـە یارمـەتی قوتـابي و مامۆسـتا بـوو ئێمـە سـەرەتا هانامـان بـردە بـەرووەزارەتـی رۆشـنبیری بـەلام ئـەوان دەقەکـەیان رەفـز کـرد ووتیـا ئـەم دەقـە لەگـەڵ کۆمـەلگای ئێمـە نـاگونجیّ لەبـەر ئـەوەی بـەدڵی ئـەوان نـە بـوو بـەلام مـن ئـەی گرێنمـەوە بـۆ ئـەو کوتلـە کارییـەی کە لـە نێو بەرێوەبەرایـەتی شـانۆ هەیـە ئـەوان کوتلـەیان هەبوو ئێمـە بووین بە قوربانی وە هیچ ریکخراوێك یارمەتی ئێمەی نەداوە بەلکو لە سەر ئەرکی مامۆستایان و قوتابیان ئەم ئیشە کراوە .

